# لیستی 730، لیستی بێبەرنامە!! ... د. فایق محەمەد گوڵپی

ئەمڕۆ 21-11-2005لیستی هاوپەیمانی کوردستانی کە ژمارە 730هەڵدەگرێت، لە شاری کەرکوك پەیامی خۆی بۆ جەماوەری کوردستان، دەربارەی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق ڕاگەیاند. لە پەیامەکەدا داوا لە گەلی کورد ئەکرێت چاوی خۆی لە هەموو کەم و کوڕیەکانی سیاسەتی پارتی و یەکێتی بپۆشێت و لە ڕۆژی 15-12-2005 ڕووبکەنە سەر سندوقی دەنگدان و دەنگی خۆیان بدەنە لیستی ژمارە 730. ئاماژەش بەوە دەکرێت کە وا سەرکردایەتی سیاسی کورد لە باشوری کوردستاندا، یەك دەنگ و یەك دەست بۆ خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلی کورد خەبات دەکەن و بەزوترین کات هەردوو بەڕێوەبەرایەتی سلێمانی و هەولێر لە چوارچێوەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا یەکدەگرنەوە.

ئەوەی کە مایەی سەرنج و تێڕوانین بوو، لە ڕاگەیاندنی پەیامەکەدا باس لە بەرنامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق نەکرا، لە کاتێکدا لیستەکانی تری کاندیدکراو بەرنامەی خۆیان بۆ هەڵبژاردن دابەزاندووە. هۆکاری ئەم بێبەرنامەییەی لیستی ناوبراو بۆ چەندان بۆچوون دەگەڕێتەوە، یەك لەو بۆچونانە ئەوەیە کە ئەم دوو حزبە لە ڕووی تیوری سیاسی و فەلسەفیەوە هەتا بڵێیت کۆڵەوارن و ناتوانن دیاردە سیاسی و کومەڵایەتیەکان وەك هەن بخوێننەوە، بۆیە لە ژیانی سیاسیاندا دووچاری چەندان شکست و نوچدان هاتوون، زۆربەی کات لەسەر حسابی هەڵە و کەم وکوڕی بەرامبەرەکەیان هەستاونەتەوە.

ئەم کزی و لاوازیە تیوریە وا ایکردووە کە ڕیگەی چارەسەری کێشەکانیش نەبیننەوە و لە کاتی تێکوشاندا ئاڵۆزیەکی هەمەلایەنە بنێننەوە و بە ئاسانی بکەونە ناو داوی دۆژمنەوە. مانەوەیان بەم شێوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە گەلیان وا بە هەڵەدا بردووە تا ڕادەیەك لەم قۆناغەدا ماف و ئەرکەکانی خۆی وەك پێویست ناناسێت.

لە لایەکی ترەوە ئەگەر چاوێك بە مێژوی خەباتی ئەم دوو حزبە دەسەڵاتخوازەی باشوردا بخشێنین، بۆمان ڕووندەبێتەوە کە بی بەرنامەیی لە لای ئەوان بووە بەبەشێك لە کەڵتوریان و ناتوانن دەستی لێبەربدەن. ساڵی 1970کاتێك خوالێخۆشبوو مستەفا بارزانی، خوالێخۆشبوو (دارا تەوفیق) ی وەك نوێنەر بۆ گفتووگۆ نارده بەغدا و سەدامی بینی، سەدام بە نوێنەری کوردی وتبوو: چیتان دەوێت، دارا تەوفیق لە وەڵامدا وتبوی نازانم، دواتر سەدام پێیوتبوو (لێش ما تگلبون حکم زاتی) واتە بۆچی حوکمی زاتی داوا ناکەن ((1. ساڵی 1983 کاتێك گفتوگۆی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ڕژێمی سەدام دەستی پێکرد، سەرکردایەتی (ی. ن. ك) دنیای لێهاتبوویەوە یەك، نەیدەزانی لە سەر چی لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا گفتوگۆ بکات، هەرچی دەکرد بەرنامەیەکی بۆ ئامادە نەدەکرا، تا لەگفتووگۆدا پێشکەشی بکات. دواتر لە سەر بڕیارێکی گشتی وا ڕێکەوتن کە بە نوێنەرانی حکومەت بڵێین ئەوەی ئێمە داوای دەکەین: حوکمی زاتی متگورە، واتە حوکمی زاتیەکی فراوان. (2).

ئەمڕۆ سەرباری ئەو کەم و کوڕیە تیوریە و کڵتوری بێبەرنامەییان، هۆکاری تر لە دانەڕشتنی بەرنامەی هەڵبژاردنیاندا کاریگەری هەیە، کە لەم کا تەدا دەتوانین ئاماژە بە هەندێکیان بکەین:

هەردو حزبی دەسەلأتدار بە جدی و بە بڕواوە لە گەڵ یەکتر ڕێکنەکەوتون، لە سەر چەندان بابەت جیاوازی لە تێڕوانینیاندا هەیە، جیاوازی لە هەڵوێستیاندا هەیە، تەنها چەمکێك کە هەردوکیانی لەو لیستەدا کۆکردۆتەوە ئەوەیە کە هەردوکیان بڕوایان بە دەستاودەستکردنی دەسەلأت نیە، ئامادەنین لە ڕێگەی دەنگی سندوقەکانەوە بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت لە سەر کورسی دەسەلأت بێنە خوارەوە، ئامادە نین یەکێکیان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو وەك ئۆپۆزسیۆن کاربکات و ئەویتریان حزبی دەسەلأتداربێت..
یەك لە هۆکارەکانی تر کە پاڵی بە لیستی هاوپەیمانی کوردستانیەوە ناوە بەرنامەی تایبەت بە هەڵبژاردن دانەڕێژێت، ئەو ڕەوشە شپرزەیەیە کە لە ئەنجامی سیاسەتە هەڵەکانیانەوە لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان تێی کەتون و نازانن چۆن لێی دەربچن، لە ماوەی دەسەلأتداریاندا هێندە کەم و کوڕیان هەیە نازانن چۆنی داپۆشن، لە ڕاستیدا ئەگەر ئەم دوو حزبەو حزبەکانی ژێر سێبەریان بەرنامەیان دابنایە، دەبوایە بەرنامەکەیان لەوەی بکۆڵایەتەوە، کە بۆچی هێندە کەم و کوڕی... بە سیاسەتیانەوە دیاربووە؟. ئەوانیش ڕەخنەو ە ڕەخنە لە خۆگرتن وەك پیشەیەکی تری کلتوریان بە هیچ جۆرێك قبوڵ ناکەن. بۆیە باشترین بەرنامەیان بێبەرنامەییە.
. چی لە بەرنامەدا دابنێن، لە سەر ئاستی سیاسی لە ڕێگەی دەستورەوە، باشوری کوردستانیان بە شێوەیەکی ئارەزومەندانە کردە بەشێکی نیشتمانی عەرەبی، جاران بۆمان هەبوو لە دژی چەوسانەوەی نەتەوەیی تێکۆشان بکەین، بەلأم لە دوای ئەوەی کورد بە زۆرینەیەکی تەواو بە ترس و چەواشەکاری ئەوان ڕەشنوسی دەستوری قبوڵکرد چیتر ناتوانین وەك جاران لە ئاستی ناڕەواییدا لە بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندی عێراقدا چاو بەرزبکەینەوە، دۆست و دوژمن پێمان دەڵێن مەگەر خۆتان بەم دەستورە ڕازی نەبوون. دەبی لە ئاستی دابینکردنی خزمەتگوزاری: کارەب، ئاو، بەنزین و نەوت چی بتوانن بڵێن؟، لە سەر گەندەڵی و گرانی بازاڕ کە خۆیان دروستی دەکەن چۆن دێنە زمان؟ هەرچی لێکیانداوەتەوە بێدەنگی لە سەر ئەو بابەتانە باشترین هەڵوێستە.
وا ئەوان بەو شێوەیە بە بی بەرنامە هەڵوێستی خۆیان نیشاندا، ئەی ئەبێت گەلی کورد لە ئاستی تاوانی بیبەرنامەیی و تاوانەکانی تر دا چۆن لە هەڵبژاردندا لە گەڵیاندا بجوڵێتەوە؟.
ئەمرۆ لە ڕۆژنامەی (ێباح) عەرەبی وتارێکم خوێندەوە دەربارەی هەڵبژاردن نووسرابو، لە وتارەکەدا ئاماژە بەو هۆکارانە کرابوو کە وا لە دەنگدەر دەکات لە ڕۆژی هەڵبژاردندا، دەنگی خۆی بۆ کامە لیست بدات: کومەڵێك خەڵك لە سەر بنەمای حزبایەتی، خزمایەتی، خێڵایەتی دەنگ ئەدەن، ئەم دیاردەیە نیشانەی دواکەوتوویی دەنگدەران دەردەخات. کومەڵێکی تر لە سەر بنەمای ناسینی کەسە کاندیدکراوەك بە باشی یان بە خرابی دەنگ دەدەن یان دەنگ نادەن، ئەمە نیشانەی هەندێك پێشکەوتنی تاکە دەنگدەرەکانە. ژمارەیەکی تری دەنگدەران لە سەر بنەمای بەرنامەی لیستە کاندیدکراوەکان دەنگ ئەدەن، ئەم دیاردەیەی دوایی نیشانەی پێشکەوتنی تاك و کومەڵگایە.
دیارە لیستی 730وا سەیری تاك و کومەڵگای کوردستان دەکات کە ئاستی گەشەکردنی تا ئێستەش لە دواوەیە، بۆیە بە تەمایە لە سەر بنەمای حزبایەتی، خێڵایەتی، خزمایەتی دەنگێکی باش بهێنن. ئەگینا ئەوانێك، نە کەسێك دانی خەیریان پێدا دەنێت، نە توانیان بەرنامەیەك بۆ هەڵبژاردن دابنێن چۆن لەم هەڵبژاردنەدا دەنگی سەرکەوتن بەدەست دەهێنن؟ ئەم هەڵوێستەی هەردو حزبی دەسەلأتدار و پاشکۆکانیان سووکایەتی کردنە بە

جەماوەری گەلەکەمان کە بە دواکەوتوی دادەنێن، نابێت گەل لێیان قبوڵبکات، لە بەرامبەر کەمتەرخەمی و تاوانەکانیان بەم تاوانەشەوە دەرهەق بە گەلە زیندووەکەمان دەبی گەورەترین سزا لە سەر سندوقی دەنگدان بەرەو ڕویان ببێتەوە.

د. فایق محەمەد گوڵپی 21-11-2005

پەراوێز ((1 تاریق عەزیز، ئیبراهیم جەلال ((2 خۆم ئاگاداربوم.،